
# سیمبەگوێرە



Rukia Nantale
Benjamin Mitchley
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 5



کاتێ سیمبەگوێرە دایکی مرد، ئەو زۆر خەمبار بوو. باوکی سیمبەگوێرە هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی ئاگای لە کچەکەی بێت. ئەوان کەم کەم توانیان دووبارە شادی بگەڕێننەوە بۆ ناو ماڵەکەیان بەبێ بوونی دایکی سیمبەگوێرە. هەموو بەیانییەك ئەوان دادەنیشتن و لەبارەی دوارۆژ قسەیان دەکرد. هەموو ئێواران پێکەوە چێشتیان لێ دەنا. دوای ئەوەی کە قاپەکانیان دەشوشت، باوکی سیمبەگوێرە یارمەتی کچەکەی دەدا بۆ ئەوەی. وانەکانی بخوێنێ.



ڕۆژێك باوکی سیمبەگوێرە درەنگتر لە کاتی هەمیشەی هاتەوە ماڵەوە. بانگی کچەکەی کرد: “کچم لە کوێی؟” سیمبەگوێرە بەرەو لای باوکی ڕای کرد. کاتێك سیمبەگوێرە بینی باوکی دەستی ژنێکی گرتووە، لە جێگای خۆی ڕاوەستا. باوکی گوتی: “کچم من دەمهەوێ کەسێکی تایبەتت پێ‌ بناسێنم.” بە زەردەخەنەوە گوتی: “ئەمە ئانیتایە.”



ئانیتا گوتی: ”سڵاو سیمبەگوێرە، باوکت لەبارەی تۆوە زۆر شتی بۆ باس کردووم“، بەڵام ئەو هیچ زەردەخەنەیەکی نیشان نەدا و دەستی سیمبەگوێرەی نەگرت. باوکی سیمبەگوێرە زۆر خۆشحاڵ و قوشقی بوو. باوکی لە بارەی ئەوە قسەی دەکرد، کە چەندە خۆشبەخت دەبن ئەگەر هەرسێکیان پێکەوە بژین. ئەو گوتی: ”کچەکەم، هیوادارم کە ئانیتا وەکوو دایکت پەسند بکەی.“



ژیانی سیمبەگوێرە گۆڕانی بەسەرداهات. ئەو چی دیکە کاتی نەبوو کە بەیانیان لەگەڵ باوکی پێکەوە دابنیشن. ئانیتا زۆربەی کارەکانی ماڵەوەی بە سیمبەگوێرە ئەنجام دەدا، بۆیە ئەو زۆر ماندوو دەبوو و ئیتر نەیدەتوانی شەوان ئەرکەکانی قوتابخانەی ئەنجام بدات. ئەو دوای خواردنی ئێوارە یەکسەر دەچوو دەخەوت. تەنها شتێك کە دڵی پێی خۆش بوو، لێفەیەکی ڕەنگاوڕەنگ بوو کە دایکی پێی دابوو. باوکی نەیدەتوانی سەرنجی ئەوە بدات کە کچەکەی دڵخۆش نییە.



دوای چەند مانگێك بۆ ماوەیەك باوكی سیمبەگوێرە ئەوانی بەجێ هێشت، گوتی: “من دەبێ بۆ ماوەیەك بچم بۆ سەفەری كاری، بەڵام من دەزانم كە ئێوە ئاگاتان لە یەكتر دەبێ.” سیمبەگوێرە خەمبار بوو، بەڵام باوكی هەستی پێ نەكرد. ئانیتاش هیچی نەگوت، هەروەها ئەویش خۆشحاڵ نەبوو.



شتەکان تا دەهات بۆ سیمبەگوێرە خراپتر دەبوو. ئەگەر سیمبەگوێرە کارەکانی ماڵەوەی ئەنجام نەدابا یان گلەیی کردبا، ئەوا ئانیتا لێی دەدا. لە کاتی نانخواردن ئانیتا زۆربەی خواردنەکەی دەخوارد و تەنیا کەمێکی بۆ سیمبەگوێرە دەهێشتەوە. سیمبەگوێرە هەموو شەوێك دەگریا و لێفەکەی دایکی لە باوەش دەگرت تا خەو دەیبردەوە.



بەیانییەك، سیمبەگوێرە درەنگتر لە خەو هەستا. ئانیتا بەسەریدا هاواری کرد: “ئەی تەمبەڵ!” ئەو سیمبەگوێرەی لەسەر تەختە خەوەکە فڕێدایە خوارەوە. لێفەخۆشەویستەکەی لە بزمارێك گیری کرد و دڕا.



سیمبەگوێرە زۆر پەشۆکا بوو. ئەو بڕیاری دا کە لە ماڵ ڕابکا.
سیمبەگوێرە کەمێک لە لێفەکەی دایکی و هەندێ خواردنی پێچایەوە و ماڵەکەی بەجێ هیشت. ئەو بەو ڕێگایەدا ڕۆیشت کە باوکی پێیدا ڕۆیشتبوو.




کاتێ خۆر ئاوا بوو، سیمبەگوێرە وەسەر کەوت بۆ سەر درختێکی بەرز کە لە نزیك دەریاچەیەك بوو. لەسەر لقێکی درەختەکە جێگا خەوی خۆی چاک کرد. سیمبەگوێرە بەر لەوەی خەوی لێ بکەوێ، هەر گۆرانی دەگوت: “دایە، دایە، دایە، تۆ بە جێت هێشتم. تۆ بەجێت هێشتم و ئیتر “نەگەڕایەوە. باوکم چی دیکە منی خۆش ناوێ. دایە تۆ کەی دێیتەوە؟ تۆ بە جێتهێشتم.



رۆژی داهاتوو سیمبەگوێرە دووبارە گۆرانییەکەی گوتەوە. کاتێك ژنەکان هاتن بۆ ئەوەی لە دەریاچەکە جلوبەرگ بشۆن، گوێیان لە گۆرانییەکی خەمناك بوو کە لە بەرزایی درەختەکانەوە دەنگی دەهات. ئەوان وایان زانی ئەو دەنگە بەهۆی لەرینەوەی گەڵای درەختەکانەوەیە کە با دەیانجولێنێ، بۆیە بەردەوام بوون لە کارەکەی خۆیان، بەڵام یەکێك لە ژنەکان زۆر بە سەرنجەوە گوێی بۆ گۆرانییەکە ڕاگرت.



ئەو ژنە سەری بەرز کردەوە و سەیری درەختەکەی کرد. کاتێ چاوی بە کچە بچکۆلانەکە کەوت کە لەتکە لیفەیەکی پێ بوو، هاواری کرد: "سیمبەگوێرە، برازاکەم!" ژنەکانی دیکەش دەستیان لە جل شوشتن هەڵگرت و یارمەتی سیمبەگوێرەیان دا کە لە درەختەکە بیهێننە خوارەوە. پووری سیمبەگوێرەی لە باوەش گرت و هەوڵی دا بیلاوێـنـێـتەوە.



سیمبەگوێرە چووەوە بۆ ماڵی پووری. ئەو خواردنی گەرمی پێدا و ڕێگەی دا کە سیمبەگوێرە بە لەتە لیفەکەی دایکییەوە بخەوێ. ئەو شەوە سیمبەگوێرە هەر گریا تا خەوی لێ کەوت، بەڵام ئەم گریانە بەهۆی حەسانەوە بوو. ئەو دەیزانی کە پووری باش ئاگای لێی دەبێ.




کاتێ باوکی هاتەوە ماڵێ، بینی کە ژوورەکەی سیمبەگوێرە کەسی لێ نییە، بۆیە بە نیگەرانییەوە لە ئانیتای پرسی: “چی ڕووی داوە؟ “ژنەکەی گوتی کە سیمبەگوێرە هەڵاتووە. دواتر گوتیشی: “من داوام لێ کردووە کە ڕێزم لێ بگرێ، بەڵام لەوانەیە من زۆر سەختگیر بووبم.” باوکی ماڵەکەی جێ هیشت و بەرەو دەریاچەکە بەڕێ کەوت. دواتر بەردەوام بوو تا گەیشتە ئەو گوندەی خوشکەکەی لێ دەژیا بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەو سیمبەگوێرەی نەدیوە.



سیمبەگوێرە خەریکی یاریکردن بوو لەگەڵ مناڵەکانی پووری کە لە
دوورەوە باوکی بینی. ئەو ترسابوو لەوەی کە باوکی توورە بێت، بۆیە
هەڵاتەوە ژووەوە بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە، بەڵام باوکی بەرەو لای
ڕۆیشت و گوتی: "سیمبەگوێرە، تۆ باشترین دایکت بۆخۆت
دۆزیوەتەوە. کەسێك کە تۆی خۆش دەوێت و لە تۆ تێدەگات." ئەوان
لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە سیمبەگوێرە تا ئەو کاتەی پێی خۆش بێ لە
لای پووری بمێنێتەوە.



باوکی هەموو ڕۆژێ دەچوو بۆ سەردانی کچەکەی. لە کۆتاییدا لەگەڵ ئانیتا ڕۆیشتن. ئەو دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی دەستی سیمبەگوێرە بگرێت. دواتر گریا و گوتی: “من زۆر دوای لێبووردن دەکەم بچکۆلانەکەم، من هەڵەم کرد. ئایا دەرفەتیکی دیکەم پێ دەدەی؟” سیمبەگوێرە سەیرێکی باوکی کرد و بینی کە ڕوخسارێکی نیگەرانی هەیە، بۆیە بەرەو لای ئانیتا ڕۆیشت و دەستەکانی کردەوە و باوەشی بە ئانیتادا کرد.



هەفتەی داهاتوو، ئانیتا، پووری و مناڵەکانی پووری بانگهێشت کرد بۆ نانی ئێوارە. چ خوانێکی ڕازاوە! ئانیتا هەموو ئەو خواردنانەی دروست کردبوو کە سیمبەگوێرە حەزی لێبوون، تا تێربوون خواردیان. دواتر منالەکان خەریکی یاریکردن بوون لە کاتێکدا گەورەکان سەرقاڵی قسەکردن بوون. سیمبەگوێرە هەستی بە شادی و شانازی دەکرد. ئەو زوو بڕیاری دا، کە بە زوویی، بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ باوکی و باوەژنی پێکەوە بژین.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## سیمبەگوێرە

Skrevet av: Rukia Nantale
Illustret av: Benjamin Mitchley
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.